# وەقایعی کوردستان

Waqaehi Kurdistan


رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (١٤٤) سالی یازدەم ٣٠/نیسان/٢٠١٢ زاینیی ١٠/گولان/٢٧١٢کوردی ٩/جمادی الاخرە/١٤٣٣کوچی


144

## لەم ژمارەیەدا :


**یاساى ژمارە (١) سالی ٢٠١٢** ل١

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٤)ی سالی ٢٠٠٢

**بڕیاری ژمارە (٦) سالی ٢٠١٢** ل٧

متمانە دان بەسەرۆك و جێگری سەرۆك و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

**بەیانی ژمارە (٧-٨)ی سالی ٢٠١٢ی وەزارەتی داد** ل٩

**بەیانی ژمارە (٣٧-٣٨-٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥)ی سالی ٢٠١٢ی وەزارەتی تەندروستی** ل١٠



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد..

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٤٤) السنة الحادي عشرة ٣٠/نيسان/ ٢٠١٢ميلادي ١٠/گولان/٢٧١٢كوردي ٩/جماد الاخرة/١٤٣٣هجري

## في هذا العدد:

144

**قانون رقم (١) لسنة ٢٠١٢** ص ١٤

قانون التعديل الأول لقانون اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق رقم (٤) لسنة ٢٠٠٢

**قرار رقم (٦) لسنة ٢٠١٢** ص ١٩

منح الثقة لرئيس ونائب رئيس و وزراء حكومة اقليم كوردستان- العراق

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**بيان رقم (٧-٨) لسنة ٢٠١٢ وزارة العدل** ص ٩

**بيان رقم (٣٧-٣٨-٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥) لسنة ٢٠١٢ وزارة الصحة** ص ١٠

No.:144 Date: April, 30, 2012 Vol.: 11

العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٠٢٦٤٨٩٨٩- ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیار
## ژمارە ( ٩ ) ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستـــان – عێـــــراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢) لە ١٩/ ٢٠١٢/٣ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٢
## یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکێتی
## مامۆستایانی کوردستان ـ عێراق ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکەم:**

برگەی (٧)ی ماددەی یەکەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیّ دێت :

مامۆستا: هەموو مامۆستایان لە قوتابخانە و زانکۆ وپەیمانگا حکومییە تایبەتی و ئەهلییەکان.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیّ دێت:

بەپێی ئەم یاسایە یەکێتییەك بە ناوی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ـ عیراق) دادەمەزرێت، بارەگای سەرەکی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆی هەیە لە پارێزگاکان وهەر یەکەیەکی کارگێڕی لق بکاتەوە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامانی تێیدا لە (٣٥٠٠) مامۆستا کەمتر نەبێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی مامۆستایانی زانکۆ.

## ماددەی سێیەم:

ماددەی پێنجەمی یاساکە هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی لیَ دێت:

أ- ئەندامیەتی لە یەکێتی مافێکی ئارەزوومەندانەیە و ئەمانە دەگرێتەوە:

١-هەموو مامۆستایان و وانەبێژانی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومییە تایبەتییەکان و ئەهلیەکان.

٢- هەموو مامۆستایان و، سەرپەرشتیاران و ئەندامانی دەستەی فێرکاری و دەرس وتنەوە، کە کارمەندی وەزارەت و دەستە و دامەزراوەکانی پەروەردەیی و فێرکردنن.

٣-خانەنیشانی ئەندام لە دەستەی فێرکاری و دەرس وتنەوە کە دەیانەوێت ببنە ئەندامی یەکێتی بە داواکارییەکی نووسراو.

ب ـ مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان چ ئەوانەی شەهیدبوون و چ ئەوانەی لە ژیاندا ماون دەبنە ئەندامی فەخری.

## ماددەی چوارەم:

**یەکەم:** برگەی (١) لە ماددەی شەشەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێـت:

(دەستەی گشتی و کۆنگرە).

**دووەم:** برگەیەك بۆ ماددەی شەشەم بە زنجیرەی (٦) زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:

٦- نوێنەری یەکێتی لە قوتابخانە و دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن.

## ماددەی پێنجەم:

**یەکەم:** برگەی (أ) لە ماددەی حەوتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:

أ-دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی یەکێتی پێکدێت کە پابەندن بە برگەکانی ئەم یاسایەوە و، بە بەرزترین دەسەلآت تێیدا دادەنرێت و هەموو چوار ساڵ جارێك لە بارەگای یەکێتی بەمەبەستی گرێدانی کۆنگرەی گشتی کۆ دەبێتەوە، لە رێگەی نوێنەرانیانەوە بە رێژەیەك کە ئەنجومەنی تەنفیزی، بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت دیاریدەکات کە ژمارەیان دەگاتە ١٥ ئەندامی سەرەکی و ٤ ئەندامی یەدەگ و، نیسابیش بە دوو لەسەر سێی ئەندامان تەواو دەبێت، ئەگەر نیساب تەواو نەبوو هەڵبژاردن دوای تێپەرینی ١٥ پازدە رۆژ لە کۆبوونەوەی یەکەم ئەنجام دەدرێت، و نیساب بە تەواوبوو دادەنرێت ژمارەی نوێنەرانی ئامادەبوو هەرچەند بێت.

**دووەم:** بڕگەی (ب) لە ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:
سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت وسەرۆك لقەکان دەبنە ئەندامانی کۆنگرە، و ئەنجومەنی تەنفیزیش بۆی هەیە ژمارەیەك لە مامۆستایانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و کەسایەتیە پەروەردەییەکانی هەرێم وەك ئەندامی کۆنگرە زیاد بکات و رەزامەندی لەسەر ئەو مەرجانەی بۆ ئەم کارە پێویستن بدات، بە مەرجێك کە لە ١٥ نوێنەر پتر نەبن.

## ماددەی شەشەم:

ماددەی هەشتەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:
مەرجە ئەو کەسەی بە سەرۆکی یەکێتی یان ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت یان ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزی و سەرۆکی لق وئەندامی دەستەی لق هەڵدەبژێردرێت لە هاوولاَتیانی هەرێم بێت و ماوەی خزمەتی لە پەروەردەو فێرکردندا لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

## ماددەی حەوتەم:

ماددەی یازدەهەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:
أ ـ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ و پێشکەشکردنی پێشنیاری هەمواری یاسای بیمە (الضمان) بە هەموو حاڵەتەکانیەوە.
ب ـ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی یاسای یەکێتی و پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ هەموارکردنی.
ج ـ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ کردن لەسەر پەیرەوی ناوخۆی یەکیتی و پەسەندکردنی.
د ـ لێکۆڵینەوە رێکخستنی ئەرك و فرمانی لیژنەکانی کۆنگرەی گشتی و پەسەندکردنی راپۆرتی کارگێری و دارایی.
هـ ـ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کارەکانی یەکێتی لە ماوەی نێوان هەر دوو کۆنگرەدا.
و ـ هەڵبژاردنی سەرۆکی یەکێتی و ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت.

## ماددەی هەشتەم:

زنجیرە (٣) لە ماددەی دوازدەهەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:
٣- سەرۆك لقەکان.

## ماددەی نۆیەم:

ماددەی سێزدەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:

**یەکەم:**

أ- مەکتەبی سکرتاریەت بە دەستەی گشتی ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتی دادەنرێت، لەنێو ئەندامانیشدا دوو جێگر هەڵدەبژێرێت و کارەکان لە نێوان ئەندامانیدا دابەش دەکات، سەرۆکی یەکێتی ئامادەی کۆبونەوەکانی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێت و بە ئامادەبوونیشی کۆبوونەوە کە بە سەرۆکایەتی ئەو گرێدەدرێت.

ب- لە مەکتەبی سکرتاریەت ڕەچاوی نوێنەرایەتی نەتەوەکانی تورکمان و کلدان سریان ئاشوور دەکرێت.

**دووەم:** بڕگەی دووەم لە ماددەی سێزدەیەم لادەبرێت.

**سێیەم:** خاڵی پێنجەمی بڕگەی سێیەمی ماددەکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:

٥- کارکردن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی هەرێم و دەرەوەی، بەشێوەیەك کە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی مامۆستایان و پرۆسەی پەروەردە لە کوردستان ـ عیراقدا بکات.

**ماددەی دەیەم:**

مادەی چواردەیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:

**یەکەم:** دەستەکانی لق:

١- نوێنەری لقەکان ئەوانەی کە بۆ ئەندامیەتی کۆنگرەی گشتی هەڵبژێردراون پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی لق لە نێوان خۆیاندا بۆ یەکە کارگێڕییەکان کۆدەبنەوە کە ژمارەی ئەندامانی لەوە کەمتر نابێت کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە و لە (٩) ئەندامی ڕەسەن و دوو ئەندامی یەدەگ لە پارێزگاکان و (٧) ئەندامی ڕەسەن و دوو ئەندامی یەدەگ لە یەکە کارگێڕیەکانی دیکە پێك دێت.

٢- دەستەی لق لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا سەرۆکێك بۆ خۆی و بەرپرسی لیژنەکانی هەڵدەبژێرێت.

**دووەم:** خاڵێك بەزنجیرە (٣) بۆ بڕگەی یەکەمی ماددەکە زیاد دەکرێت و بەم شێوەیەی لیَ دێت:

٣- لەو لقانەدا کە نەتەوەکانی تورکمان وکلدان سریان ئاشوور بوونیان هەیە ڕەچاوی ئەوە دەکرێت کە نوێنەریان هەبێت.

**سێیەم:** خاڵێك بۆ بڕگەی دووەم زیاد دەكرێت ودەبێتە خاڵی (٣) وبەم شێوەیەی لێ دێت:

٣- دەستەی لق مانگانە جارێك كۆدەبێتەوە و بۆی هەیە هەركات پێویست بوو كۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێت.

## ماددەی یازدەیەم:

خاڵێك بۆ بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی پازدەیەم بەزنجیرە (٤) زیاد دەكرێت وبەم شێوەیەی لێ دێت:

٤- لیژنەی قەزا بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی لق، لەنێوان دەستەی مامۆستایاندا، نوێنەرێك بۆ یەكێتی لە دامەزراوەكانی پەروەردە و فێركردن هەڵدەبژێرێت، لە پێناو بەهێزكردنی پەیوەندی نێوان یەكێتی و بنكەكانیدا وگەیاندنی رێنماییەكانی یەكێتی وئاراستەكان پێیان.

## ماددەی دوازدەیەم:

**یەكەم:** خاڵی (١) لە بڕگەی یەكەم لەماددەی شازدەیەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

١- بڕە پارەیەك كە ئەندامان بە پێی میكانیزمێكی دیاریكراو لەلایەن ئەنجومەنی تەنفیزی دەیدەن، ئەم بڕە پارەیەش بەم شێوەیە دابەش دەكرێت:

أ- ٧٠٪ حەفتا لەسەد بۆ حسابی سندووقی بیمە.

ب- ٢٠٪ بیست لەسەد بۆ حسابی لق.

ج- ١٠٪ دە لەسەد بۆ حسابی مەكتەبی سكرتاریەت.

**دووەم:** بڕگەی دووەم لە ماددەی شازدەیەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

دووەم: كۆنگرەی گشتی چۆنیەتی خەرجكردن لە بڕگەكانی (أ ، ب ، ج)ی یەكەم دیاری دەكات و پێویستە دەستەی كارگێری لقەكان پابەند بن بەو رێنماییانەی لەم بارەوە دەردەچن، ولیژنە تایبەتەكان (لیژنەی بیمە و لیژنەی یارمەتیدانی ئەندامان) بە مەبەستی جێبەكردنی رێنماییانە پێكدەهێنرێن.

**سێیەم:** بڕگەی حەوتەم هەموار دەكرێت و بەم شێوەیەی لێ دێت:

حەوتەم: رێژەی ١٠٪ دە لەسەدی سەرچاوە داراییەكان كە لە بڕگەی یەكەم (ج) داهاتووە لەلایەن لقەوە بۆ سەر حیسابی مەكتەبی سكرتارییەت دەگوازرێتەوە.

## ماددەی سێزدەیەم:

ماددەی بیست و یەكەمی یاسایەكە هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

**ماددەی بیست و سێیەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی لیٚ دێت:**

**لەلایەن لقەوە و لە چوار چێوەی سنووری جوگرافی خۆیدا پێناسە بە ئەندامان دەدات، بە مەرجێك نموونەکە یەکگرتوو بێت و لە مەکتەبی سکرتارییەتەوە دەرچوو بێت.**

**ماددەی پازدەیەم:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجیٚ بکەن.**

**ماددەی شازدەیەم:**

**ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەیەوە لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا،جێبەجیٚ دەکرێت.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**<u>هەولێر</u>**

**٢٢/ نیسان /٢٠١٢ ی زایینی**
**٢ / پوشپەڕ/ ٢٧١٢ ی کوردی**
**٣٠/ جمادی الاول /١٤٣٣ ی کۆچی**

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

**لە پێناوی رێکخستنی باشتری کارو چالاکیەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەرەو هێنانە دی ئامانجە پیشەیی ومرۆیی و پەروەردەیی ودیموکراتیەکانی ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

## بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

### بڕیاری ژمارە ( ٦ ) ساڵی ٢٠١٢

پشت بەستن بە حوکمی بڕگە(٤)ی ماددە (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی ڕۆژی (٢٠١٢/٤/٥)ی خۆیدا ، ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکەم** : متمانەدان بەمانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە بۆ پڕکردنەوەی پۆستی ئەو وەزارەتانەی کە بەرامبەر هەریەکەیان تۆمارکراوە :

| | |
|---|---|
| ١- نێچرڤان ادریس مصطفى بارزانی | سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان |
| ٢- عیماد احمد سیفور | جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان |
| ٣- عبدالكريم سلطان شنگالی | وەزیری ناوخۆ |
| ٤- جعفر مصطفى علی | وەزیری پێشمەرگە |
| ٥- شیروان ناصح عبدالله | وەزیری داد |
| ٦- بابیز سعید محمد | وەزیری دارایی و ئابووری |
| ٧- د.ڕێکەوت حەمە رشید | وەزیری تەندروستی |
| ٨- د.عصمت محمد خالد | وەزیری پەروەردە |
| ٩- کامران احمد عبدلله | وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون |
| ١٠- دلشاد شهاب حاجی | وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار |
| ١١- د. علی سعید محمد | وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی |
| ١٢- د. علی عثمان حاجی سندی | وەزیری پلاندانان |
| ١٣- ئاسوس نجیب عبدالله | وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١٤- د. کاوە محمود شاکر | وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان |
| ١٥- صباح احمد محمد (ئارام احمد محمد) | وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان |

| | |
|---|---|
| ١٦- د. سیروان محمد جهاد بابان | وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| ١٧- سنان عبدالخالق احمد چلبی | وەزیری بازرگانی و پیشەسازی |
| ١٨- جونسون سیاویش ابو ریحانە | وەزیری گواستنەوە و گەیاندن |
| ١٩- کامل حاجی علی | وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی |
| ٢٠- یاسین شێخ ابوبکر ماوەتی | وەزیری کارەبا |

**دووەم :** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی سوێندخواردنی یاساییانەوە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٤/٥ جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتـــــــی داد**

## بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی ٣٦ی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە) ژمارە (٤٣ی ساڵی ١٩٧١) بڕیارماندا بە :

ئەنجام دانی تحرير تمهيدى تایبەت بە لە دەست دانی موڵکی کشتوکاڵی (انتقاء الصفة الزراعية) بۆ پارچە زەوی ژمارە ١ کەرتی ١٨ ماوەت .

**دادوەر**
**رؤوف رشـــــــید**
**وەزیـــــــری داد**

## بەیانی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٢

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی (ماددەی نۆیەم / برگە دوو) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣ی ساڵی ٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

گۆرینی بەشی (IT) بۆ بەرێوەبەرایەتی (IT) لە دیوانی وەزارەت .

**شـێروان حـیدەری**
**وەزیـــــــری داد**

## وەزارەتی تەندروستی

### بەیانی ژمارە ( ٣٧ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:
کردنەوەی (بەشی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان) سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٣/٢٦

**د. طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزیری تەندروستی**

### بەیانی ژمارە ( ٣٨ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە گۆڕینی ناوی (بانکی سەرەکی خوێن) بۆ (بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری گواستنەوەی خوێن ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/١٢

### بەیانی ژمارە ( ٣٩ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە کردنەوەی (بەشی ئامێری پزیشکی) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/١٢

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتی تەندروستی

### بەیانی ژمارە ( ٤٠ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی ئەو دەسەلاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە کردنەوەی بەشی (پشکنین و بە دواداچون) کە ئەم (٣) هۆبەیەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە لە خۆدەگرێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان .

١- هۆبەی دەزگا تەندروستیە میریەکان

٢- هۆبەی دەزگا تەندورستیە نا میریەکان ( ناحکومیەکان)

٣- هۆبەی سکالاٌ .

لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/١٢

### بەیانی ژمارە ( ٤١ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

کردنەوەی (نەخۆشخانەی گشتی شەهید غەریب هەڵەدنی) لە قەزای دوکان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/١٦

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

## وەزارەتی تەندروستی

### بەیانی ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

گۆرینی ناوی (مەڵبەندی تەندروستی ٢٤کاتژمێری شەهید د. قاسم) بۆ (مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی ٢٤کاتژمێری شەهید د. قاسم) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/١٦

### بەیانی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

کردنەوەی (بنکەی تەندروستی گارە) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/٢٣

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە ( ٤٤ )ی ساڵی ٢٠١٢

بەپێی (ماددەی شەشەم / برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

کردنەوەی (سەنتەری بۆردی عێراقی - عربی) لە نەخۆشخانەی رزگاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر

لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە ٢٠١٢/٤/٢٣

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

## بيان رقم ( ٤٥ ) لسنة ٢٠١٢

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا في الفقرة الثانية من المادة السادسة من قانون وزارة صحة المرقم (١٥) في (٢٠٠٧) قررنا فتح (مستشفى سراي سوبحان أغا للأمراض الصدرية) في قضاء سيد صادق في أقليم كوردستان / السليمانية و بسعة (٣٠) سرير و ترتبط أدارياً ومالياً بمعالي الوزير وفنياً بدائرة الصحة العامة و الرعاية الصحية الأولية — اعتباراً من تاريخ صدور هذا البيان ٢٠١٢/٤/١٣

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وزير الصحه**

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة الاقليم
الرئيس

باسم الشعب
قرار
رقم ( ٩ ) لسنة ٢٠١٢

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه برلمان كوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢) في ٢٠١٢/٣/١٩ قررنا إصدار:

## قانون رقم ( ١ ) لسنة ٢٠١٢
## قانون التعديل الأول لقانون اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق رقم ( ٤ ) لسنة ٢٠٠٢

### المادة الأولى:

تعدل الفقرة (٧) من المادة الأولى وتكون كالآتي:

المعلم : كل المعلمين والمدرسين في المدارس والجامعات والمعاهد الحكومية الخاصة والأهلية.

### المادة الثانية:

تعدل المادة الثانية من القانون وتكون كالآتي:

يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد باسم (اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق) يكون مقره الرئيسي في العاصمة اربيل وله فتح فروع في المحافظات وأي وحدة ادارية شريطة أن لا يقل عدد أعضائه فيها عن (٣٥٠٠) معلماً مع ملاحظة خصوصية أساتذة الجامعات.

### المادة الثالثة:

تعدل المادة الخامسة من القانون وتكون كالآتي:

أ- عضوية الاتحاد حق اختياري وتشمل:

١- جميع المعلمين والمحاضرين في المدارس والمعاهد والجامعات الحكومية الخاصة والأهلية.
٢- المعلمون والمدرسين والمشرفين وأعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية المنتسبون الى الوزارات والهيئات والمؤسسات التربوية والتعليمية.
٣- المتقاعدون من اعضاء الهيئات التعليمية والتدريسية الراغبون في عضوية الاتحاد بطلب تحريري.

ب- يكون معلمو الحركة التحررية الكوردستانية أعضاء فخريين سواء الشهداء منهم أو الأحياء.

## المادة الرابعة:

**أولاً:** تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة وتكون كالآتي:

الهيئة العامة والمؤتمر.

**ثانياً:** تضاف فقرة للمادة السادسة بتسلسل (٦) وتكون كالآتي:

٦- ممثل الاتحاد في المدارس ومؤسسات التربية والتعليم.

## المادة الخامسة:

**أولاً:** تعدل الفقرة (أ) من المادة السابعة من القانون وتكون كالآتي:

أ- تتكون الهيئة العامة من جميع اعضاء الاتحاد الملتزمين بفقرات هذا القانون وتعد أعلى سلطة فيه وتجتمع كل أربعة أعوام مرة واحدة في مقر الاتحاد لغرض عقد المؤتمر العام، عن طريق ممثليهم بنسبة يحددها المجلس التنفيذي، لانتخاب رئيس الاتحاد وأعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم ١٥ عضواً أصلياً و ٤ أعضاء احتياطيين، ويتم النصاب بثلثي الأعضاء، وفي حين عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مضي ١٥ يوماً من الاجتماع الأول، ويعد النصاب مكتملاً مهما بلغ عدد الممثلين الحضور.

**ثانياً:** تعدل الفقرة (ب) من المادة السابعة وتكون كالآتي:

يكون رئيس الاتحاد وأعضاء المجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية ورؤساء الفروع أعضاء في المؤتمر وللمجلس التنفيذي إضافة عدد من معلمي الحركة التحررية الكوردستانية والشخصيات التربوية في الاقليم كأعضاء في المؤتمر والموافقة على الشروط اللازمة لهذا الأمر، شريطة أن لا يزيد عن ١٥ ممثلاً.

## المادة السادسة:

تعدل المادة الثامنة من القانون وتكون كالآتي:

يشترط فيمن ينتخب كرئيس للاتحاد أو كعضو في مكتب السكرتارية أو المجلس التنفيذي ورئيس الفرع وعضو هيئة الفرع أن يكون من مواطني الاقليم ولا تقل خدمته في مجال التربية والتعليم عن (٥) سنوات.

## المادة السابعة :

تعدل المادة الحادية عشر من القانون وتكون كالآتي:

أ- دراسة ومناقشة وتقديم مقترح تعديل قانون الضمان بجميع حالاته.

ب- دراسة ومناقشة قانون الاتحاد وتقديم المقترح لتعديله.

ج- دراسة ومناقشة النظام الداخلي للاتحاد والموافقة عليه.

د- دراسة وتنظيم مهام وواجبات لجان المؤتمر العام والمصادقة على التقرير الاداري والمالي.

هـ- دراسة وتقويم اعمال الاتحاد في الفترة ما بين المؤتمرين.

و- انتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية.

## المادة الثامنة :

يعدل تسلسل ٣ من المادة الثانية عشر من القانون وتكون كالآتي:

٣- رؤساء الفروع.

## المادة التاسعة :

تعدل المادة الثالثة عشر من القانون وتكون كالآتي:

**أولاً :**

أ- يعد مكتب السكرتارية الهيئة العامة للمجلس التنفيذي للاتحاد، ينتخب نائبين من بين اعضائه ويقسم المهام بين اعضائه، يحضر رئيس الاتحاد اجتماعات مكتب السكرتارية وبحضوره ينعقد الاجتماع برئاسته.

ب-يراعى تمثيل قوميات التركمان والكلدان السريان الآشوريين في مكتب السكرتارية.

**ثانياً :** تحذف الفقرة الثانية من المادة الثالثة عشر.

**ثالثاً :** تعدل النقطة الخامسة من الفقرة الثالثة من المادة وتكون كالآتي:

٥-العمل لتقوية العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في الاقليم وخارجه بحيث تخدم المصلحة العامة للمعلمين والعملية التربوية في كوردستان ـ العراق.

## المادة العاشرة :

تعدل المادة الرابعة عشرة من القانون وتكون كالآتي:

**أولاً :** هيئات الفرع:

١- يجتمع ممثلوا الفروع المنتخبون لعضوية المؤتمر العام بعد إتمام أعمال المؤتمر لانتخاب هيئة الفرع فيما بينهم للوحدات الادارية التي لا يقل عدد الأعضاء فيها عما ورد في المادة الثانية من هذا القانون، وتتكون من (٩) تسعة أعضاء أصليين وعضوين احتياط بالنسبة للمحافظات و(٧) سبعة أعضاء أصليين وعضوين احتياط للوحدات الادارية الأخرى.

٢- تنتخب هيئة الفرع في أول اجتماع لها رئيساً لها ومسؤولي لجانها.

**ثانياً:** تضاف نقطة بتسلسل (٣) الى الفقرة الأولى من المادة وتكون كالآتي:

٣- في الفروع التي تتواجد فيها قوميات التركمان والكلدان السريان الاشوريين، يراعى ان يكون لها تمثيل.

**ثالثاً:** تضاف نقطة الى الفقرة الثانية فتصبح النقطة (٣) وتكون كالآتي:

٣- تجتمع هيئة الفرع شهرياً مرة واحدة ولها الاجتماع استثناءاً كلما دعت الحاجة.

## المادة الحادية عشرة:

تضاف نقطة الى الفقرة ثالثاً من المادة الخامسة عشر بتسلسل (٤) وتكون كالآتي:

٤- تنتخب لجنة القضاء بالتنسيق مع هيئة الفرع من بين هيئة المعلمين ممثلاً للاتحاد في مؤسسات التربية والتعليم من أجل تقوية الصلة بين الاتحاد ومراكزه وايصال تعليمات الاتحاد وتوجيهاته إليها.

## المادة الثانية عشرة:

**أولاً:** تعدل نقطة (١) من الفقرة الأولى من المادة السادسة عشر وتكون كالآتي:

١- مبلغ يدفعه الاعضاء وفق آلية يحددها المجلس التنفيذي ويقسم هذا المبلغ بالشكل الآتي:

أ- ٧٠٪ سبعون بالمائة لحساب صندوق الضمان.

ب- ٢٠٪ عشرون بالمائة لحساب الفرع.

ج- ١٠٪ عشرة بالمائة لحساب مكتب السكرتارية.

**ثانياً:** تعدل الفقرة الثانية من المادة السادسة عشر وتكون كالآتي:

(ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية مصارف الفقرات (أ ، ب ، ج) من (أولاً)، وعلى الهيئات الادارية في الفروع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الشأن وتشكل اللجان الخاصة (لجنة الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لغرض تنفيذ هذه التعليمات).

**ثالثاً:** تعدل الفقرة السابعة وتكون كالآتي:

(سابعاً: تتم مناقلة نسبة (١٠٪) من المصادر المالية الواردة في الفقرة (أولاً/ ج) الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفرع).

**المادة الثالثة عشرة:**

تلغى المادة الحادية والعشرون من القانون.

**المادة الرابعة عشرة:**

تعدل المادة الثالثة والعشرون من القانون وتكون كالآتي:

تمنح الهوية للأعضاء من قبل الفرع في اطار الحدود الجغرافية له، على أن يكون النموذج موحداً لجميع الفروع وصادراً عن مكتب السكرتارية.

**المادة الخامسة عشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السادسة عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

**هەولێر**

٢٢/ نيسان /٢٠١٢ ى ميلادى

٢ / پوشپەڕ/ ٢٧١٢ ى كوردى

٣٠/جمادى الاول/١٤٣٣ ى هجرى

**الاسباب الموجبه**

من أجل تنظيم أفضل لأعمال ونشاطات اتحاد معلمي كوردستان نحو تحقيق أهدافه المهنية والانسانية والتربوية والديمقراطية فقد صدر هذا القانون.

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان – العراق**

## قرار رقم ( ٦ ) لسنة ٢٠١٢

استناداً لأحكام الفقرة (٤) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر برلمان كوردستان – العراق بجلسة المرقمة (٦) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٢/٤/٥ الاتي :

**أولاً** : منح الثقة للمدرجة أسمائهم أدناه لإشغال المناصب الوزارية المبينة أزاء كل منهم :

| | |
|---|---|
| ١- نيچرڤان ادريس مصطفى بارزانى | رئيساً لمجلس وزراء اقليم كوردستان |
| ٢- عيماد احمد سيفور | نائباً لرئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان |
| ٣- عبدالكريم سلطان عبدالله | وزيراً للداخلية |
| ٤- جعفر مصطفى على | وزيراً لشؤون الپيشمەرگە |
| ٥- شيروان ناصح عبدالله | وزيراً للعدل |
| ٦- بابيز سعيد محمد | وزيراً للمالية و الاقتصاد |
| ٧- د.ريكەوت حەمە رشيد | وزيراً للصحة |
| ٨- د.عصمت محمد خالد | وزيراً للتربية |
| ٩- كامران احمد عبدلله | وزيراً للإعمار والإسكان |
| ١٠- دلشاد شهاب حاجى | وزيراً للبلديات و السياحة |
| ١١- د. على سعيد محمد | وزيراً للتعليم العالي والبحث العلمي |
| ١٢- د. على عثمان حاجى سندى | وزيراً للتخطيط |
| ١٣- ئاسوس نجيب عبدالله | وزيرةً للعمل والشؤون الاجتماعية |
| ١٤- د. كاوه محمود شاكر | وزيراً للثقافة و الشباب |
| ١٥- صباح احمد محمد (ارام احمد محمد) | وزيراً لشؤون الشهداء و المؤنفلين |

| | |
|---|---|
| ١٦- د. سيروان محمد جهاد بابان | وزيراً للزراعة والموارد المائية |
| ١٧- سنان عبدالخالق احمد چلبی | وزيراً للتجارة والصناعة |
| ١٨- جونسون سياويش ابو ريحانه | وزيراً للنقل والاتصالات |
| ١٩- كامل حاجى على | وزيراً للأوقاف والشؤون الدينية |
| ٢٠- ياسين شيخ ابوبكر ماوتی | وزيراً للكهرباء |

**ثانياً** : ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ اداءهم اليمين القانونية في ٢٠١٢/٤/٥ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د. ارسلان بايز اسماعيل**
**رئيس برلمان كوردستان – العراق**